# یەک و دوو

غەمگین خدر

## یەک

تەماشام شەقامەکان قووت دەدات
درەختەکانی سەرشۆستە لە ژماردنم هەڵدێن
بەبێ تووڕەیی زستانیش
بەبێ پاڵتۆ و ملپێچ و پووت و دەستکێش
بەبێ گەرمایی پێستی
بەبێ ڕیحانی باوەشی
بەبێ تروسکایی چاوی
هەست بە سەرمای ڕۆحم دەکەم،
دەنگی کزەبای ساردوسڕی بێدەنگی
بە گوێمدا کشومات تێدەپەڕێت
جەرگم بێ برژان کزە کز
ترۆمبێلەکانیش هەڵدەلەرزن
تێدەپەڕن
نەخۆشی سەفەرەکانتن
کۆخەیانە
ڕەش ڕەش
دووکەڵ دووکەڵ
بەرز بەرز
دەبێتەوە و
وەک خۆری ئێوارە نوقم دەبێت.

ترۆمبێل لە درەختەکان تێدەپەڕن
درەختەکان لە ژماردنی ڕێبوارەکان
ڕێبوارەکان لە چاوی تۆ تێدەپەڕن
ڕوخساری تۆ چیی موعجیزەیەکە
تێناپەڕێ، گلێنەمی کردووە بە هێلانە کۆختی



لە هەینێوە جگە لە ئەڤینی تۆ،
هەموو شتێک بڵقی سەرئاوە
تێدەپەڕێت و
تۆ تێناپەڕی
هەرگیز هەرگیز.

## دوو

عەسرانێک خەمۆکیم ئاوپرژێن دەکرد
چارەنووسم مەیلەو خۆڵەمێشی
ڕەش ڕەش
ژیانم بووبووە دووکەڵ
ناچار خۆم لە سێبەریشم دزییەوە
دەمارەکانم پڕ کرد لە شەرابی چاخە بەردینەکان
بوومە کەسێک ساتمەم لە بیرکردنەوەم دەکرد
چوومە ئەو دیوی زەمەنێکی ڕەنگاڵەی بێڕەنگ
چاوشارکێم لەگەڵ تراویلکەی مەرگی خۆم کرد
لەگەڵ پەراوێز بە گاڵتەوە باسی ژیانمان کرد
جەستەم شڵپەی دەهات لە کحول
زمان و شیعر تێکچرژان
دیمەنی ژیان هەڵبەزودابەز
چاوی شاعیر ڕەشکەوپێشکە
پەیڤی زۆر بە پەلە
لە نێو چاوانی ڕۆژەکان هەڵواسراو
زەمەن بووبووە کاتژمێرێکی دەستکاری کراو
کاتەکان غلۆر بوونەوە
شەو بەناو دەشتە پانوبەرینەکان ڕاکشا
وەک شاعیرەحزبییەکان چاوەڕێی ئێوارەی پێنج شەممەم نەکرد
هەموو ئێوارەکانم ڕەنگاوڕەنگ کردن
لە دڵی خۆمدا
هەموو ڕۆژەکانم کردنە پێنج شەممە.